# حەمدی و هێمن لە تای تەرازووی هاوسەنگیدا

فەرهاد قادر کەریم [١]، مریوان حەمەکەریم ئەحمەد [٢]

[١،٢] بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان،کەلار، هەرێمی کوردستان، عێراق
Corresponding author's e-mail: farhad.qadir@garmian.edu.krd

حمدي و هيمن شاعران بارزان ومؤثران في المرحلة الشعرية التي عاشا فيها, و على الرغم من وجود فارق زمني بين حياة الشاعرين يقارب خمسين عاماً غير أننا نلاحظ تشابها واضحاً بين النصوص الشعرية لكلا الشاعرين. وقد دفعنا هذا التشابه اِلى القيام بهذا البحث من خلال موازنة نصوصهما الشعرية متّخذين بنظر الاعتبار الأوضاع و الأوقات التي كُتِبتْ فيها تلك القصائد بهدَف الوصول إلى أوجه التشابه بينها, و لم نكتفِ بهذا الجانب فقط بل حاولنا أن نبيّن أوجه الاختلاف بينها أيضاً.

و في هذا البحث و بعد عرض مفهوم و مصطلح الموازنة جاء دور الحديث عن حياة الشاعرين مع تسليط الضوء على الجانب الثقافى و السياسى لهما. بعد هذا وقفنا عند الموازنة من حيث الموضوعات الشعرية التى لها أهمية و خصوصية كبيرة, و ذلك بالاعتماد على النصوص الشعرية للشاعرين المذكورين. و فى الخاتمة عرضنا أهم النتائج التى تمَّ التوصيل اِليها.

الكلمات المفتاحية: (حمدي, هيمن, الموازنة)

**کلیلەوشە: (حەمدی، هێمن، هاوسەنگی)**

**حمدي و هيمن في كفة الموازنة**



| | |
|---|---|
| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
| بەرگ | ٥ ژمارە ٢ ساڵی(٢٠٢٠) |
| رێککەوتەکان | رێکەوتی وەرگرتن:٢٠١٩/٩/٧ \| رێککەوتی پەسەندکردن:٢٠١٩/١١/٢٥ \| رێککەوتی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٠/٦/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | farhad.qadir@garmian.edu.krd |
| مافی چاپ و بڵاو کردنەوە | ©٢٠٢٠ پ.ی.د.فەرهاد قادر کەریم، م.ی.مریوان حەمەکەریم ئەحمەد، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

## Hamdi and Hemin in the same equivalent balance Scale

Hamdi and Hêmın both were two famous poets of their poetry of the era they lived in. Although they lived about a half century apart, there are many similarities in many of their poetry texts. That was the reason why we decided to put their poetry texts under an accurate evaluation with the respect for the circumstances which the texts have been written to show their similarities. At the same time we tried to show the similarity, we did not ignore the differences between them. In this study, first we discussed the concept of equivalence and then explained intellectual and political aspects of their personal life, and at last the equivalence in the perspective of poetry, which have a great significance and importance have been concluded. The results of the study depend on the poetry texts of both poets, which we ended the research with some important points.


Keywords: Hamdi, Hêmın, Equivalence.

## پێشەکی

حەمدی وهێمن دوو شاعیری گەورەی کوردن، کە نزیکەی نیو سەدە لەنێوان ماوەی ژیانیاندا هەیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ شوێن و وێستگەی ژیانیاندا وەك یەکی دەبینرێت، ئەمەش سەرنجی ئێمەی ڕاکێشا تاکو بەدوای ئەو دەقانەی هەردوو شاعیردا بگەڕێین، کە هاوسەنگی لەنێوانیاندا هەیە، بە تایبەتی لە ڕوی بابەتی شیعرییەوە.

ئەم توێژینەوەیە کە ناونیشانی (حەمدی وهێمن، لە تای تەرازووی هاوسەنگیدا)یە، تێیدا هەوڵدراوە لەنێوان هەردوو شاعیردا هاوسەنگی بدۆزرێتەوە و بە بەڵگەی شیعریی پشتڕاست بکرێتەوە و هاوکات لە هەندێ شوێنیشدا خاڵی جیاوازییان نیشان دراوە.

توێژینەوەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێك هاتووە، لە تەوەری یەکەمی بەشی یەکەمدا هاوسەنگی وەکو زاراوە و چەمك باسکراوە لە تەوەری دووەمدا لەبەر ڕۆشنایی ژیانی هەردوو شاعیر، هەوڵدراوە خاڵە لێکچووەکان لەبارەی ژیانی کەسی، ڕۆشنبیری و سیاسی هەردوو شاعیر بخرێتەڕوو.

لە بەشی دووەمدا , لێکچوون و هاوسەنگییەکان لە ڕوانگەی بابەتی شیعرییەوە کە گرنگی و تایبەتمەندی گەورەی هەیە, دەرخراون. وە لە گەڵیشیدا لە هەندێ شویندا جیاوازییان خراوەتەڕوو . بێگومان بۆ ئەوانەش بە بەڵگەی شیعری هەردوو شاعیر پشتڕاستکراونەتەوە .

## تەوەری یەکەم/ هاوسەنگی

### أ/ زاراوەی هاوسەنگی:

زاراوەی (هاوسەنگی) لە (هاو+ سەنگ+ ی) واتە لە (ناو+ ناو+ پاشگر) پێکهاتووە. (هاوسەنگ) لە زمانی کوردیدا بە واتای (هاوکێش) دێت (خاڵ، 2005، لا 502)، یاخود وەك ئەوەی لە فەرهەنگی (مەردۆخ)دا هاتووە، هاوواتای (هاوترازوو) یان (بەرانبەر)ە. ( مەردۆخی، 1338 هەتاوی، لا 765). وشەکە لە بواری ڕەخنەیی ئەدەبیدا، وەکوو زاراوەیەك مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و بەمەش بووە بە (هاوسەنگی) و بەرانبەر بە زاراوەی (الموازنة)یە لە ڕەخنەی عەرەبیدا و بۆ ئەو دیاردە ڕەخنەییە بەکاردێت، کە دوو شاعیر یان دوو ئەدیب زیاتری سەر بەیەك زمانی پێ بەراورد دەکرێت و هەڵدەسەنگێنرێت.

### ب/چەمکی هاوسەنگی:

مرۆڤ بە خۆڕسك حەزی لە بەرانبەر یەك گراگرتن و بەراوردکردنی شت و کەس و دیاردەکانە لە هەموو ڕوویەکەوە، ئەمەش لەلایەکەوە بۆئەوەی خاڵی هاوبەش و جیاوازییان بزانێت، لەلایەکی تریشەوە بۆئەوەی پلەبەندیی لەنێوانیاندا بکات و باش لە خراپ جیابکاتەوە. ئەم حەزەی مرۆڤ لە ڕەخنەی ئەدەبیدا دەرگای بەڕووی لەدایکبوونی دوو بواری ڕەخنەییدا کردووەتەوە، ئەوانیش: (هاوسەنگیی ئەدەبی) و (ئەدەبی بەراوردکاری)ین.

لەڕاستیدا هاوسەنگیی ئەدەبی بە گشتی و شیعریی بەتایبەتی، لەڕووی مێژووییەوە لەو دیاردە ڕەخنەییانەیە، کە زۆر لە (ئەدەبی بەراوردکاری) دێرینترە، لە ڕەخنەی عەرەبیدا دەکرێت ئاماژە بە چالاکییە ڕەخنەییەکانی (نابیغەی زوبیانی)، کە لە بازاڕی (عکاض)و لەژێر خێوەتە سوورەکەیدا ئەنجامی داون، بەنموونە و سەرەتای دەرکەوتنی هاوسەنگیی شیعریی لای عەرەبەکان دابنێن، کە تیایدا دەقە شیعرییەکانی شاعیرە جاهیلییەکانی هاوسەنگ کردووە و خاڵی بەهێز و لاوازیانی دەستنیشان کردووە.( بسیر، ٢٠١٥، لا ١٠٠-١٠١).

بە بڕوای (د.زەکی مبارەك) هاوسەنگی ((شێوەیەکە لە شێوەکانی ڕەخنەی ئەدەبی، لەڕێگەیەوە دەقی چاك لە خراپ جیا دەکرێتەوە و تیایدا دیوە لاواز و بەهێزەکانی شێوازی ڕوونبێژیی دەردەخرێت.)) ( مبارك، ٢٠١٣- ٢٠١٤، لا ٥)، ناوبراو لەسەر ڕوونکردنەوەی چەمکەکە وردتر قسە دەکات وپێی وایە ((هاوسەنگی دەشێ لەنێوان دوو شاعیردا بکرێت، کە لە سەدەیەکدا ژیابن یاخود لە بابەتێکی شیعرییدا هاوبەش بن، ڕەخنەگر دەتوانێت پێوەرێك یان زیاتر وەربگرێت و لەبەر ڕۆشناییدا هاوسەنگی لەنێوان دوو شاعیردا بکات.)) (مبارك، ٢٠١٣- ٢٠١٤، لا ٥).

بەم جۆرە یەکێك لە بنەماکانی ئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەنگی، ئەوەیە کە هەردوو شاعیرەکە بە یەك زمان بنووسن و خاڵی هاوبەشیان لەنێوانیاندا هەبێت و باشتر وایە لەڕووی ماوەی ژیانەوە لەیەکتر نزیك بن، بێگومان ئەم بایەخدانە بە هاوسەنگیی شیعریی دەچێتە خزمەتی (ئەدەبی نەتەوایەتی)یەوە و دەکرێتە دەلاقەیەکیش بۆ دەرخستنی توانای شاعیرانمان و ڕادەی ڕۆشنبیری و ئاگایان لە دنیای شیعریی پێش خۆیان، هەر بۆیە هەندێ لە ڕەخنەگران لە چوارچێوەی هاوسەنگیی شیعرییدا باسیان لە (دزیی شیعری)یش کردووە، وەك ئەوەی (ئامەدی) لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (الموازنة بين أبي تمام والبحتري للامدى) کردوویەتی ( عبدالغنی، ٢٠١٣-٢٠١٤، لا ٦٥-٧٤)، هەروەها ( مومني، ١٩٨٥، لا ١٣٧- ١٧٤). بەوپێیە گەلێك جار یەکێك لە شاعیرەکان وێنەیەکی شیعری یان دێڕێك یان بیرۆکەیەکی شیعریی شاعیرێکی تر وەردەگرێت و لە بۆتەی دەقێکدا وەك خۆی یان بە دەستکارییەوە دەیخاتەڕوو، ئەم دیاردەیە دواتر بە شێوەیەکی فراوانترو ڕێکخراوتر لە ڕەخنەی نوێدا لەژێر ناوی (دەقئاوێزان)یدا پۆلێن کراوە. ( حسین، ٢٠١١، لا ١٤٧-١٤٨).

گەر ئاوڕێك لە سەرەتاکانی ڕەخنەی شیعری کوردی بدەینەوە، دەبینین بێبەش نەبووە لەو چالاکییانەی کە دەچنە خانەی (هاوسەنگی شیعری)یەوە، باشترین بەڵگەش ئەو دەقە شیعرییەی (سالمی ساحیبقران)ە، کە تیایدا زۆر بەوردیی ناوی شاعیرەکان و هەڵسەنگێنەرەکانیان و ئەو پێوەرە ڕەخنەییانەی کە کراونەتە بنەمای هەڵسەنگاندن و هاوسەنگیکردن، دەستنیشان کراوەو ئەو ڕۆژەی بە تاقیکردنەوەیەکی هەستیار بۆ شاعیرەکان داناوەو لەکۆتایشدا دان بەوەدا ئەنێت کە (نالی)بەرزترین نمرەی ئەو تاقیکردنەوەیەی بەدەست هێناوە:

لە ڕۆژی ئیمتحانا دیم بەرابەر ڕوئیەتی مەعشووق

کەمەربەستەی هونەر هاتن لە تیپی عیشقبازانا

لە یەك لا (نالی)ی و (مەشوی) لە لایێ (سالم) و (کوردی)

لە هەنگامەی هونەرگەرمی، تکاچۆبوون لە (مەولانا)

لە مەیدانی بەلاغەتدا بە سواریی مەرکەبی مەضموون

بە کوردی هەریەکە تازی سەواریێ بوون لە (بابانا)

کە نالی تەوسەنی طەبعی بەطەرزێ گەرم جوستەن بوو

بە چەوگانی خیرەد گوێ دانشی دەرکرد لەمەیدانا

( دیوانی سالم ، ٢٠١٥، لا ١٣١-١٣٢).

لە راڤەی ئەم دێرە شیعریيانەدا لێکدەرەکان دەڵێن: ئەو شاعیرانە لە رۆژی تاقیکردنەوەدا هاتنە مەیدان، بۆ وەرگرتنی پایەی خۆیان، هەریەك لە نالی و مەشوی (مەحوی) و سالم و کوردی لە گەرمەی هونەرنواندندا تکایان لە (مەولانا) دەکرد شیعریان هەڵبسەنگێنێ، پایە و نمرە بۆ هەریەکەیان بەقەد شایانی شانی دابنێ، ئەڵبەت مەبەست (لەمەولانا) پیری رێبازی نەقشبەندی مەولانا خالیدی میکایەڵی نەقشبەندییە، کە بە وەخت لە هەموویان لەپێشتر بووە، لەوانەیشە مامۆستای راستەوخۆ یان ناراستەوخۆیان بووبێ، ئەم چوار شاعیرە لە مەیدانی رەوانبێژی و دانانی واتای جوان و پتەودا بە زمانی کوردی، هەریەکەیان لە میرنیشینی باباندا سوارچاکێك بووە..... و نالی براوەی ئەو سوارچاکییە بووە.)) ( دیوانی سالم ، ٢٠١٥، لا ١٣١-١٣٢).

ئەگەرچی لەم هەڵسەنگاندنە شیعرییانەدا چێژی کەسی و سۆزی هەڵسەنگێنەر رەنگی دابێتەوە، بەڵام وەك سەرەتایەك لە رەخنەی ئەدەبی هەموو میللەتەکانی تر بەم چەشنە دەستی پێ کردووە، هەر لەم چوارچێوەیەدا (د.عیزەدین مستەفا رەسوڵ)یش ئاماژە بەوە دەدات، کە لەنیوەی دووەمی سەدەی (٢٠)هەمدا، زۆرجار شاعیرانی کورد لە سلێمانی لە کۆڕ و دانیشتن و حوجرەو مزگەوتەکاندا کێبڕکێی شیعرییان دەکرد و هەڵسەنگاندن بۆ دەقەکانیان دەکرا، لەرێگەی جوانیی واتا و هونەرەکانی رەوانبێژییەوە باڵادەستیی خۆیانیان پیشان ئەدا و دەقی بەهێز لە لاواز جیا دەکرایەوە (رەسوڵ، ٢٠٠٤-٢٠٠٥, بێ لاپە رە ).

کارکردن لە بواری هاوسەنگیی شیعریدا، پێویستی بە تێگەیشتنێکی ورد و بەدیقەت هەیە لە هەردوو ئەدەبەکەدا، هەروەك گرنگە رەخنەگر بەتەواوی ئاشنای بیرکردنەوە و شێوەی ژیان و قۆناغی شیعریی هەردوو شاعیرەکە بێت، تاوەکوو بتوانێ بەشێوەیەکی دروست کارەکەی ئەنجام بدات و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان دیاریی بکات.

## تەوەری دووەم/ ژیاننامەی شاعیران( حەمدی و هێمن):

بۆ رۆچوون بەنێو توێژینەوەکەمان، سەرەتا پێویستە ئەو راستییە بخەینەروو، کە (هێمن)ی شاعیر دووروونزیك ناوی (حەمدی) نەهێناوە و ئاماژەی بەوە نەداوە، کە کاریگەرە بە (حەمدی) یاخود خوێنەرێکی باشی شیعرەکانی بووە، وەك ئەوەی هەندێ جار ئاماژەی بە هەریەك لە (نالی، سالم، کوردی، مەحوی، حاجی قادری کۆیی، شێخ رەزای تاڵەبانی، مەولەوی، صەدیق، ئەدەب، قانیع) داوە. (دیوانی هێمن، ٢٠٠٣، لا ٢٧).

هەروەك هیچ رەخنەگرێکیش ئاماژەی بەوە نەداوە، کە (هێمن) کاریگەر بووە بە (حەمدی)، بەڵکوو تەنها باس لە کاریگەربوونی بەو شاعیرانە کراوە، کە خۆی ناوی هێناون. ( دەشتی،٢٠٠٩، لا ١٤٤- ١٤٥).

ئێمە لە ئەنجامی قووڵبوونەوەمان لە دنیای شیعریی هەردوو شاعیر، گەیشتینە ئەو راستییەی کە (هێمن) خوێنەرێکی باشی شیعری (حەمدی) بووە و هەندێ جار ئەم ئاشنابوونەی بە (حەمدی) پەرپوەتەوە بۆ کاریگەریی و لە شیعرەکانیدا رەنگی داوەتەوە. ئەم حاڵەتە لەپاڵ هەبوونی کۆمەڵێك خاڵی هاوبەش لەنێوان ژیان و شیعری هەردووکیان، کە دواتر دێینە سەریان، بوونە مایەی هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە بۆ توێژینەوەکەمان و لێرەشەوە سەرەتا ئاوڕ لە ژیانی هەردوو شاعیر دەدەینەوە.

أ/ ژیانی كەسیی:

لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێك زانیاریی لەسەر ژیانی كەسیی هەردوو شاعیر بخەینەڕوو، كە سوودیان بۆ دیاریكردنی هاوسەنگی نێوانیان دەبێت.

حەمدی ناوی (ئەحمەدی كوڕی فەتاح بەگی ئیبراهیم بەگی مەحمود بەگی صاحێبقڕانە، لە ساڵی (١٨٧٦ز) لە سلێمانی لە بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند لە دایك بووە.) ( دیوانی حەمدی، ١٩٨٤، لا ١٧)، ئەم شاعیرە (برازای كوردی) و خزمی نزیكی (سالم)ی شاعیر بووە. ( كەریم، ٢٠١٢، لا ٩)، لە ساڵی (١٩٣٦ز، بە هۆی وەستانی دڵەوە كۆچی دوایی دەكات، بنەماڵەی حەمدی بە بنەچە دەچنەوە سەر كوردی شاری سنە. ( خەزنەدار، ٢٠١٠، لا ٢٨٣). حەمدی (شیعرەكانی خۆی زۆر باش خوێندۆتەوە و لە كاتی خوێندنەوەدا، تاموچێژێكی زۆری پێ داوە.) ( حیلمی، ٢٠١٠، لا ١٣).

هێمن، ناوی (محەمەد ئەمین كوڕی سەید حەسەن شێخەئیسلامی موكری)یە، لە ساڵی (١٩٢١ز) لە گوندی لاچین نزیك مهاباد، لە بنەماڵەیەكی خانەدان و دەوڵەمەند لە دایك بووە.) ( خەزنەدار، ٢٠١٠، لا ٤٥٩). هێمن (لەژیانیدا دوو جار ئاوارە بووە، جاری دووەمی ئاوارەبوونی لە (٤٧)ساڵیدا بووە، نزیكەی (١١) ساڵی خایاندووە.) (كەریم، ٢٠١٢، لا ١٤٥)، ئەم شاعیرە (لەساڵی (١٩٨٦ز) لە شاری ورمێ بەهۆی وەستانی دڵەوە، كۆچی دوایی كردووە.) ( دەشتی، ٢٠٠٩، لا ١٤٣).

خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو شاعیر لەم بوارەدا:

١.حەمدی وهێمن، لە بنەماڵەیەكی دەوڵەمەند و خانەدان لەدایك بوونە.

٢.هەردووشاعیر، بە نەخۆشیی ((وەستانی دڵ)) كۆچی دواییان كردووە، ماوەی ژیانیان لەیەكەوە نزیكە، حەمدی (٦٠) ساڵ و هێمن(٦٥) ساڵ ژیاوە.

٣.هەردووكیان، دڵتەڕ و دەستبڵاو و قسەخۆش و میواندۆست بوونە.

٤.بە دەنگی خۆیان، شیعرەكانی خۆیانیان بۆ خەڵكی خوێندووەتەوە.

٥.بە نازناوی شیعرەكانیان لەناو خەڵكیدا بانگ كراون.

٦.هیچ كامیان بە خۆشەویستی ژیانی هاوسەرێتییان پێك نەهێناوە. ( سجادی، ١٩٧١، لا ٤٧٦-٤٨٤، دیوانی حەمدی، ١٩٨٤، لا ١٧-٤٦، خەزنەدار، ٢٠١٠، لا ٢٨٣-٢٨٩، حیلمی، ٢٠١٠، لا ١٣، خەزنەدار، ٢٠١٠، لا ٤٥٩-٤٦٥).

## ب/ ئاستی خوێندن وڕۆشنبیری:

مرۆڤ بەبێ باكگراوندێكی ڕۆشنبیریی دەوڵەمەند ناتوانێت تەنها بە بەهرە و سەلیقەی شیعریی ببێتە شاعیرێكی سەركەوتوو و پێگەیەك لە دنیای شیعردا بۆ خۆی مسۆگەر بكات، ئەم ڕاستییە (هۆراس)ی ڕۆمانی پێش هەمووكەس دركی پێ كردووە، كاتێك دەڵێت: ((ئەوەندەی پەیوەندیی بە منەوە هەیە، بۆم ساغ نەبووەتەوە, ئایا خوێندن بەبێ شنەی زۆروزەبەندی بەهرەی زكماك یاخود بەهرەی زكماك بەبێ خوێندن چ بەروبوومێكیان دەبێت، هەریەكەیان زۆر پێویستی بەویتریان هەیە و پەیمانی دۆستایەتییەكی بەردەوامی پێ ئەدات.) (هۆراس، ١٩٧٩، لا ٣٤)، بۆیە بە پێویستی دەزانین ڕوو لە ئاستی ڕۆشنبیریی هەردوو شاعیر بكەین.

حەمدی (لە تەمەنی هەشت ساڵیدا دەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی مەلاعەزیزی زەلزەلەیی، پاشان ئەچێتەحوجرەی مەلا سەعید خواجەفەنی لە مزگەوتی عەزیزئاغا، دواتر چووەتە مەكتەبی ڕوشدییە و تاكوپۆلی یەكەمی خوێندووە.) ( سجادی، ١٩٧١، لا ٤٧٧)، بەڵام (خوێندنی حوجرەی مزگەوت و قوتابخانەی تەواو نەكردووە.) ( خەزنەدار،٢٠١٠، لا ٢٨٣)، حەمدی (كاریگەریی ئەدەبییاتی فارسی و قوتابخانەی شاعیرانی بابان (نالی، سالم، كوردی، مەحوی) لەسەر بووە.) ( سجادی، ١٩٧١، لا ٢٨٠)وە (هەر لەمناڵییەوە ئارەزووی شیعرنووسینی كردووە و یەكەم شیعری لە ساڵی (١٨٩٢ز) نووسیووە، لە ساڵی (١٩١٥ز) كە ساڵی ئیحتیلال بووە، میری ماڵەكەی داگیر

دەکەن و کتێبخانەکەی دەسووتێنن، کە هەندێ شیعری خۆی تێدا بووە.) (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٩).

هێمن (بە منداڵی دەخرێتە بەر خوێندن لە قوتابخانەی (سەعادەت)، چوار ساڵ لەوێ دەخوێنێت، دواتر دەخرێتە بەر خوێندنی مەلایەتی لە (خانەقای شێخی بورهان) و چوارساڵ لەوێش دەخوێنێت، بەڵام هیچ کام لەو خوێندنانەی تەواو نەکردووە، کاریگەریی ئەدەبییاتی فارسی و شاعیرانی قوتابخانەی بابان (نالی، سالم، کوردی، مەحوی) لەسەربووە.) (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٢١-٢٨) و ئەوکاتە شیعرەکانی (لە دەفتەرێکی سووردا تۆمار کردووە، بەڵام کە باوکی پێی دەزانێت دەفتەرەکەی دەوسوتێنێت.) ( خەزنەدار،٢٠١٠، لا ٤٦١).

خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو شاعیر لەم بوارەدا، ئەمانەن:

١.لە قوتابخانەی حکومی و لە حوجرە و خانەقا خوێندوویانە و حویندنەکەیان تەواو نەکردووە.

٢.کاریگەریی ئەدەبییاتی فارسی و شاعیرانی قوتابخانەی (بابان)یان لەسەر بووە.

٣.لە تەمەنی منداڵییەوە دەستیان بە شیعرنووسین کردووە.

٤.شیعرەکانی دەستپێکی شیعرنووسین لەلای هەردوو شاعیر، دووچاری سووتاندن بوونەتەوە.

٥.سەرەتا بە شیعر دەستیان پێ کردووە و دواتر پەخشانیان نووسیوە.

٦.هەردووکیان، دوو شاعیری بەناوبانگ و دوو ڕۆشنیری گەورە و دیاری سەردەمەکەی خۆیان بوونە.

## ج/ ژیانی سیاسی:

خەبات و کاری سیاسی و شۆڕشگێڕیی بەشێکی دیاری ژیانی هەریەکە لە حەمدی و هێمن پێکدەهێنێت. لێرەدا کورتەیەك لەبارەیەوە دەخەینەڕوو، پاشان چوونیەکی وهاوبەشیی نێوانیان بە چەند خاڵێك دەستنیشان دەکەین. بەلای ئێمەوە ئەو هەنگاوە شۆڕشگێڕیی و کوردپەروەرییەی هەردوو شاعیر، کەم و زۆر لەنێو بەرهەمە شیعرییەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە. سەرەتاش ئاوڕ لە ژیانی سیاسی و شۆڕشگێڕیی حەمدی ئەدەینەوە.

حەمدی، مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕ بووە و لەو پێناوەشدا باجی گەورەی داوە. (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ٢١). کاتێك کە (ئینگلیز عێراق گرتووە، ئەم یەکێك بووە لە ئاژاوچییەکانی دەوری شێخ سەعید و بۆ بەرزڕاگرتنی خاکی کوردستان لەهەوڵدا بووە.) (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٨) و (دۆست و خۆشەویستی شێخ مەحمود بووە، لە شەڕی بازیانی ساڵی ١٩١٩ز، لەنێوان لەشکری شێخ و ئینگلیز، شێخ بە دیل دەگیرێت و حەمدیش بۆ ماوەی سێ ساڵ، ئاوارەی کەژوکێوەکانی کوردستان دەبێت.) ( خەزنەدار،٢٠١٠، لا ٢٨٤)، حەمدی (سەروەتێکی گەورەی هەبووە، لەم مەیدانەدا هەمووی داناوە.) ( مەولود، ٢٠٠٤، لا ٣٠)، لە بواری ئەرك ولێپرساوێتیدا (لە سەردەمی دەسەڵاتی دووەمی شێخدا لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٤ وەزیری گومرك بووە.) ( خەزنەدار،٢٠١٠، لا ٢٨٤) و دواتر (لە سەردەمی حکومەتی عێراقدا لە ساڵانی ١٩٢٤-١٩٢٦ بەڕێوەبەری شارەوانیی سلێمانی بووە.) ( مەولود، ٢٠٠٤، لا ٣٠).

هێمن، مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن بیروباوەڕ بووە (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٣٩). (ژیانی سیاسی لەوکاتەوە دەستی پێ کردووە، کە بە هۆی (زەبیحی)یەوە، بە کۆمەڵەی (ژ.ك) دەناسرێت و دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵە.) (غەفاری، ٢٠٠٣، لا ٦)، لە کۆمەڵەدا هێمن هەڵسوکەوتی لەگەڵ (قازی محەمەد، هەمزە عبدالله، مستەفا خۆشناو) وگەلێکی تر لەو کەڵەپیاوانەی سەرکردایەتیی شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە.) ( دەشتی،٢٠٠٩، لا ١٤٥)، کاتێك لە ساڵی ١٩٤٦ کۆماری کوردستان لەناو دەبرێت و قازی محەمەد و هاوڕێکانی لەسێدارە دەدرێن، هێمن ئاوارە دەبێت بۆ کوردستانی باشوور، جگە لەوە لە تەمەنیدا جارێکی تریش بە هۆی هەستی نەتەوایەتییەوە، ئاوارە بووە.) (غەفاری، ٢٠٠٣، لا ٦).

خاڵی هاوبەشی نێوان هەردوو شاعیر لەم بوارەدا، ئەمانەن:

١.حەمدی و هێمن، دوو مرۆڤی کوردپەروەر و نیشتمانپەروەر و خاوەن بیروباوەڕ بوونە.

٢.پەیوەندیی ودۆستایەتیی باشیان لەگەڵ سەرکردەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورد، مەلیکی کوردستان (شێخ محمود، قازی محمەد)

دا، هەبووە، ئەگەرچی حەمدی جاروبارڕەخنەی لە شێخ مەحمود و دەسەڵاتەکەی گرتووە.

٣.بەرژەوەندیی تایبەتییان لە شۆڕشەکانی سەردەمی خۆیان نەویستووە، بەڵکوو ماڵ و موڵکی خۆشیان خستووەتە خزمەتی شۆڕشەوە.

٤.بەشداریی کارەکیان لە شۆڕشەکاندا کردووە و لەو پێناوەدا قوربانییان داوە.

٥.بە هۆی هەڵوێستی نەتەوەییانەوە تووشی ئاوارەیی بوون.

٦.هەردوو شاعیر، بە شیعرەکانیان، هەستی نیشتمانپەروەرییان جۆش داوە و بوونەتە داینەمۆی شۆڕشەکانی سەردەمەکەی خۆیان.

## بەشی دووەم/ بابەتی شیعریی

بابەتی شیعریی:

بابەتی شیعریی مەیدانێکی بەرفراوانی هەیە و شاعیران بۆ نیشاندانی توانا و بەهرەی شیعرییان لە دەرگای چەندین بابەتی جیاوازدەدەن و شیعری لەبارەوە دەهۆننەوە. هەریەك لە حەمدی و هێمن لەسەر زۆربەی بابەتە شیعرییەکان، شیعرییان نووسیوە و لەو ڕووەوە دەوڵەمەندییان پێوە دیارە. لەم توێژینەوەیەدا بەپێی سنوور و بابەتی توێژینەوەکە، ئاوڕمان لە چەند لایەنێك داوەتەوە و هەوڵمان داوە بەرانبەر یەك و هاوتای یەك ڕایانبگرین. لایەنەکانیش ئەمانە:

### أ/ نیشتمانپەروەری و کوردایەتی:

سەرەتا بۆ نیشاندانی هەستی نیشتمانپەروەری، لە حەمدییەوە دەست پێ دەکەین. هەڵبەتە حەمدی یەکێکە لە ڕۆشنبیر و نیشتمانپەروەرە گەورەکانی سەردەمی خۆی، شانازییەکی زۆری بە نەتەوە و نیشتمانەکەیەوە کردووە، زۆربەی ژیانی خۆی بۆ ئازادکردنی خاك و نەتەوەکەی تەرخان کردووە و دژی داگیرکەران وەستاوەتەوە، لەم مەیدانەدا گەلێك شیعری جوان و ئاست بەرزی هۆنیوەتەوە، کە بەڵگەی خەبات و قوربانیدانی ڕۆڵەی ئازادیخوازی کوردن بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی، شاعیر دەنووسێت:

دەنگی شەصت تیر و طەیارە قرچەیی طۆپ وتفەنگ

ڕۆژی حەشری بوو ئەباری هەروەکو تەرزە ئەجەل (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٤٠)

شاعیر لەم دەقەدا باس لە شەڕی نێوان لەشکری شێخ مەحمود و میری ئەکات لە (شەڕی ئاوباریك)دا، کە چۆن سوپای میری بە لەشکر و تەقەمەنییەکی زۆرەوە هێرش بۆ سەر سوپای بچووکی شێخ مەحمود دەکەن و وەکو تەرزە و تۆپ و فیشەك دادەبارێنن بەسەریاندا.

دەبینین بەهەمان شێوە (هێمن)ی شاعیریش، لە دەقی (تەوری جەور)دا، باس لە قۆناغێکی مێژوویی دواتر دەکات، کە چۆن دیسان دوژمنانی کورد وەکو تەرزە داباریێ ئاوها گوللە بەسەر خەڵکی کوردستاندا دەبارێنێ، شاعیردەڵێت:

گوللە  داباری وەکوو تەرزە لەسەر پیر و جوان

تەرزە کوانێ بەزەیی دێ بە گوڵ وگیای چەمەنی (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ١٥٢)

وێنەی ناو هەردوو دێڕەکە برییتیە لە گوللەبارانکردنی سوپا و خەڵکی کوردستان، کە گوللەبارانکردنەکە هێندە زۆربێت، لە شێوەی بارینی تەرزە بچێت، بەدووری نازانین هێمن سوودی لەو وێنەی حەمدی وەرگرتبێت.

سەرکردەکانی شۆڕشە یەك لەدوای یەکەکانی کورد، بوارێکی دیکە بوون، کە زۆر جار شاعیران، هەستی خۆیانیان بەرانبەر دەربڕیون، ئەم دوو شاعیرەیش تەنها وەك شاعیرێك لە دوورەوە ڕانەوەستاون و شیعربڵێن، بەڵکو خۆیان کارەکتەر و شۆڕشگێڕی ناو ڕووداوەکانیش بوون (لە ساڵی ١٩٢٢-١٩٢٤دا جارێکی دیکە شێخ مەحمود، فەرمانڕەوایی دامەزراند و بوو بە مەلیکی کوردستانی باشوور، حەمدی کرد بە وەزیری گومرك لە حکومەتەکەدا.) ( خەزنەدار،٢٠١٠، لا ٢٨٤)، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا حەمدی هەمیشە نێوان لەگەڵ شێخ مەحموددا خۆش نەبووە و دەیان جار بەتوندیی ڕەخنەی لە دەسەڵاتەکەی گرتووە و لە هۆنراوەکانیشیدا ڕەنگی داوەتەوە، بەڵام حەمدی شێخی وەکوو ڕابەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد خۆش ویستووە، ئەوکاتەی ئینگلیزەکان شێخ بە دیل دەگرن و بۆ هندستان نەفی دەکەن، حەمدی هەستی خۆی لە چەند

پارچەیەکدا دەردەبڕێت، لەیەکێکیاندا دەڵێت:

کە ڕۆشتی بە جارێ دڵ و جەرگ و هەناوم کەوت

کە چوویتە تانە، (تانە) سەرگلێنەی چاوم کەوت

ئەڵێن هاتوویتە کوێت قوربان، بڵێ قوربانی کوێتی کەم

کە نۆبەت بەر سەری نەعسی شکاوی بێ کڵاوم کەوت (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٨٢)

دەبینین شاعیر هەستێکی پڕ لەتین و خۆشەویستی بۆ شێخ دەردەبڕێت، کە بە ڕۆیشتنی ئەو وەکو ئەوە وایە دڵ و جەرگ و هەناوی کەوتبێت و تارماییەکی ڕەش بەسەر چاوەکانیدا هاتبێت.

(هێمن)یش بەهەمان شێوە، تەنها شاعیرێکی سەردەمی کۆماری کوردستان نەبووە، بەڵکوو خۆی لەم ڕووەوە دەڵێت: (کۆمەڵەی (ژ.ك له ١٦ ئابی ١٩٤٢ دامەزرا و من ناوی نهێنیی حیزبیم (هێمن) بوو، ژمارەی ئەندامێتیم -٥٥- بوو.) (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٣٩) هەروەها پەیوەندیی وهاوڕێیەتی هێمن لەناو حیزبدا لەگەڵ (قازی محەمەد و هەمزەعەبدوڵلا و مستەفا خۆشناو و میرحاج و کاك ڕەحمان موهتەدی و قودسی بوو.) ( دەشتی، لا ١٤٥) کەواتە هێمنیش دیسان کارەکتەرێکی سەرەکی و شۆڕشگێرێکی ناو کۆماری کوردستان بووە.

کاتێك کۆماری کوردستان لەلایەن دەسەڵاتی شای ئێرانەوە ئەڕوخێنرێت و قازی و هاوڕێکانی لەسێدارە ئەدرێن، ڕووداوێکی زۆر جەرگبڕ دەبێت بۆ هێمن و لە چەند دەقێکی شیعریدا هەستی خۆی بەرانبەر بەو کارەساتە دەربڕیوە، لە دەق(ڕۆژگاری ڕەش)دا، دەڵێت:

ئەوساڵ جێژنەمان تاڵە

دوژمنی زاڵم زاڵە

لاو جێیان سیاچاڵە

دەستی دۆیان بەتاڵە

...... ...... ........

گاڵتەوگەپ و پێکەنین

شەودواوەت وهەڵپەڕین

جێگای خۆیان دا بەشین

دیسان خەمیان دابەشین

...... ....... .......

لە چوارچرای مهاباد

لە کانگای بیری ئازاد

دەستی ڕەشی ئیستعمار

تەقاندی داوی بێدار

....... ...... .......

لە کاتی نیوەشەودا

لە جەنگەی شیرین خەودا

کرا کاری نارەوا

لە دار درا پێشەوا(دیوانی هیمن،٢٠٠٣، لا ١٨٨)

بەو شێوەیە دەبینین لەلای هەردووشاعیر، دەربڕینی هاوسۆزی و دڵتەنگی لە چوارچێوەی دەقی شیعریدا، بۆ بارودۆخی خراپی سەرکردە و ڕابەری

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی شۆڕشەکانی سەردەمی خۆیان دەبینرێت، لەمەشدا هاوسەنگی لەنێوان هەردووکیاندا بەئاسانی بەدی دەکرێت.

کوردی پارچەکانی تر مەیدانێکی ترە، کە ئەم دوو شاعیرە گەورەیە لە یەکتری نزیك دەکاتەوە و زیاتر هاوسەنگی لەنێواناندا دروست دەکات، بێگومان هەردوو شاعیر لە سنوورێکی بەرفراوانتردا بیریان لە کێشەی کورد کردۆتەوە و باوەڕیان بەو سنورانە نەبووە، کە لەنێوان پارچەکانی کوردستانی گەورەدا کێشراوە، بۆیە ئازاری کوردی پارچەکانی تریشیان بە ئازاری خۆیان زانیوە، هەربۆیە کاتێك (لە ڕۆژی ١٩٢٥/٣/٢٤، ڕەگەزپەرست و دوژمنانی مرۆڤایەتی، ئەوەی ویستیان لەگەڵ کوردی باکووردا کردیان، کەڵەپیاوی وەکوو شێخ عەبدولقادری شەمدینی و دکتۆر فوئاد لە ئەستەمبوڵ، لەسێدارە دران.) (مەولود، لا ٧٩) بۆئەم کۆستە حەمدی دەقێکی شیعریی بەناوی (شیوەن بۆ کوردی باکوور) داناوە، کە دەڵێت:

چۆن زمانی خامە نەشکێ نەپچڕێ ڕشتەی خەیاڵ

کاسەیی پڕ مێشکی کەللە بۆ نەبێ یەکسەر بەتاڵ

.................. ..................

کێ لە قانوونی بەشەردا دیوێتی ڕاستی بڵێ

بێ قەباحەت خوێنی ئەم کوردە لە کوللی کەس حەڵاڵ

بۆ بەدارا بکرێ پیاوی تێگەیشتوویی قەومی کورد

بۆ بنێژرێت نەوجوانی پێگەیشتوویی وەك نیهاڵ

لەحظەیە نەبرا لە بەدخواهانی ئەم قەومە فەرەج

خێرخواهیش نەبووە ئانێ وابەبێ حوزن و مەلال

.................. ..................

قەط برا نابێ جگە لەم قەومی خۆتانە بکەن

دەردەداران بۆیە ناگەن بۆ ڕەفیقانیان بە باڵ

دەس لە شەرحی دەردی کورد هەڵبگرە (حەمدی) چاترە

نەك بکا نەقڵت هەتا ڕۆژی حەشر جەڕی مەقاڵ (دیوانی حەمدی،١٩٨٣، لا ١١٤-١١٥)

(هێمن)ی شاعیریش بۆ هەمان کۆست، کە بەسەر کوردی باکووردا هاتووە، لە ساڵی ١٩٤٣ هۆنراوەیەکی بەناوی (مەحکەمەی ئیستقلال) بۆ یادی ئەو کارەساتە داناوە، کە تێیدا دەڵێت:

دوێ شەوێ گریام هەتا ڕۆژ پێت بڵێم بۆچی برا

مەحکەمەی مەحنووسی ئیستقلال وەبیرم هاتەوە

ڕیزیان بەستبوو لەپێش چاوی منا گشتی هەموو

ئەم شەهیدانەی کە خنکاون بەسەد ئاواتەوە

.................... ....................

هاتە گوێم لێکرا دەیانگوت: ئێمە کوژراین بێ خەتا

میللەتی کورد تا بە کەنگێ تۆڵەمان ناکاتەوە

من لەسەر لووتکەی بڵندی کێو لە حەق داوا دەکەم

تۆش بپاڕێوە جەنابی شێخ لەسەر ڕووی تاتەوە

بەڵکوو ڕوحمێکی بکا پێمان خوداوەندی ڕەحیم

چیدیکە ژێردەست نەبین دیسان وەسەرمانخاتەوە

(هێمن) پێت وانەبێ یەزدانی بێ هاواڵ و فەرد

کەیخەری ئەم زوڵم وزۆرە بێ حیساب ناداتەوە (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٣٦٢-٣٦٣)

بە هاوتاکردنی هەردوو دەقەکە، ئەم چوارخاڵەمان لەلاگەڵاڵە دەبێت:

١.حەمدی هاوکات لەگەڵ لەسێدارەدانی ئەو سەرکردانەدا شیعرەکەی نووسیووە، بەڵام هێمن (١٨)ساڵ دوای ئەو کۆستە نووسیویەتی، هۆکەشی ئەوەیە، هێمن کاتی ڕووداوەکە تەمەنی (٤)ساڵ بووە، ئەمەش نیشانەی کوردپەروەریی هەردوو شاعیرە، بەوپێیەی بیر فراوانانە لە مەسەلەی کوردیان ڕوانیوە، بەتایبەتی بۆ (هێمن) نیشانەی ئاگاداربوون و شارەزاییەتی لە مێژووی شۆڕشەکانی کورد لە پارچەکانی تری کوردستان.

٢.حەمدی لە دەقەکەیدا گلەیی لە زەمانە و ڕەخنە لە زلهێزەکان دەگرێت، کە بێ هەڵوێست و بێ دەنگن بەرانبەر بەو شکستەی بەسەر شۆڕشی کورد لە باکوور هاتووە، لەهەمان کاتدا ئەو پەیامە بە کوردانی باکوور دەگەیەنێت، کە نابێ گلەی لە براکوردەکانی باشووریان بکەن و بەبێ هەڵوێستیان بزانن، چونکە ئەمانیش بێ دەسەڵاتن و نغرۆی دەردی خۆیانن.

٣.هەرچی(هێمن)ە، سەرباری دەرخستنی هەستی پڕخەم ئازاری خۆی، بەناوی شەهیدانەوە داوای تۆڵەکردنەوە دەکات، بە واتا چاوەڕوانی وڵاتانی تر ناکات، بەڵکوو پێی وایە دەبێ کورد خۆی تۆڵەی خۆی بکاتەوە.

٤.حەمدی بێئومێدە لە چارەنووسی میللەتی کورد، ئەمەش لەبەر ئەوەی شاعیر لەو ڕۆژگارەدا بە چاوی خۆی ڕووخانی دوو حکومەتی شێخ مەحمودی بینیوە، ئەوەش ڕەشبینی کردووە، بەڵام هێمن گەشبینە و پێیوایە ئاسۆی کورد ڕوونە و ڕۆژێك دێت تۆڵەی خۆی بکاتەوە، ئەمەش بە هۆی ئەوەوە بووە، شاعیر لەو ڕۆژگارەدا لە ڕیزەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) خەباتی کردووە، کە دوای چەند ساڵێکی کەم، دامەزراندنی کۆماری مهابادی لێ کەوتەوە.

٥.هەردووشاعیر، ئەگەرچی هەریەکەیان سەر بە بەشێکی کوردستانن باوەڕیان بە کێشەی ڕەوای کورد و یەکپارچەی خاکی کوردستان هەیە.

گلەیی لە دەستی چەرخی گەردوون و داد و بێداد بۆ کەمبەختی یەکێکی ترە لەو بوارانەی کە دێڕی شیعریی هاوشێوەی لەلای هەردوو شاعیر بەجێ هێشتووە و تاڕادەیەك وێکچوون و هاوسەنگی لەنێوان شیعری ئەم دوو شاعیرەدا دروست کردووە. حەمدی لە شیعرێکدا، کە لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ لافاوەکەی سلێمانی نووسیویەتی، لە دێڕێکدا گلەیی لە چەرخی گەردوون دەکات، کە دەرحەق بە نەتەوەی کوردا خراپە و دەڵێت:

ئاگرت تێ بەربێ گەردوون وا ئەبێ دەور و خولت

نایەڵێ قەط مەزرەعەی ئومێدی کورد بێ دوو پەڵە (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٤٢)

ئەو لافاوەی شاری سلێمانی یەکێك بووە لەو کارەساتانەی کە شارەکەی وێران کردووە و زیانی زۆری پێ گەیاندووە، هەربۆیە شاعیر هەستی دڵتەنگیی خۆی بەرانبەر ئەو کارەساتە دەردەبڕێت و گلەیی لە چەرخی گەردوون دەکات و دەڵێت بۆچی قەت لەگەڵ بەختی نەتەوەی کورددا هاوئاهەنگ نیت و ناڕاستەوخۆیش پەل بۆ ڕۆژە خویناوییەکەی (٦/٩/١٩٣٠)یش دەهاوێ.

هێمن-ی شاعیریش هەندێ جار ئەو هەستەی لە شیعری خۆیدا دەربڕیوە و گلەیی لە چەرخی گەردوون و زەمانە کردووە و باسی بێبەختیی خۆی لە شیعردا دەربڕیوە و نووسیویەتی:

هەر بەڵایەك لە ئاسمانەوە بێت با لەوێش ڕانەهاتێ بۆ من

کە گەیشتە زەوی دەکا پرسیار ئەری لەکوێیە ماڵی مام هێمن (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٣٣٩)

دەبینین هەمان ئەو هەستەی لای (هێمن)یش هەیە، تەنها ئەوەندە هەیە، کە (حەمدی) گلەیی لە چەرخی گەردوون دەکات بۆ بێبەختیی نەتەوەی کورد و (هێمن)یش هەمان ئەو هەستەی دەردەبڕێت بۆ بێبەختیی خۆی، بە واتایەکی تر حەمدی ڕەهەندێکی نەتەوەیی و هێمن ڕەهەندێکی کەسی داوە بە وێنە شیعرییەکە.

ئەوەی لەچاوگێڕانێکی خێرا بە دیوانی شیعری هەریک لە حەمدی و هێمندا سەرنجی خوێنەر بۆلای خۆی ڕائەکێشێ، زاڵبوونی بابەتی

نیشتمانپەروەری و نەتەوەییە. وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا هەردوو شاعیر بە ژیانیش عەودالی ڕێگای کوردایەتی بوونە. لە پاڵ ئەم دیاردەیەدا ناکرێ بەسەر هەندێ خزانی کوردانەیاندا باز بدەین و هەڵوەستەی لەسەر نەکەین، کە بۆ ڕۆژگاری خۆیان جۆرێک لە شۆکی لای خوێنەرانیان دروووست کردووە، مەبەستیشمان لە خزانی کوردانە، بە واتا نواندنی هەڵوێستێك، کە پێچەوانەی ئاراستەی بیر و هەڵوێستە نیشتمانییەکانی تری شاعیرە، بۆنموونە کاتێك (مەلیك فەیسەڵ) لە ساڵی ١٩٣١ سەردانی شاری سلێمانی دەکات، حەمدی شیعرێکی بۆ دەهۆنێتەوە بە ناوی (بۆ خاوەنشکۆ فەیسەڵی یەکەم) و تێیدا دەڵێت:

زەمین ئارایشی خۆی داوە بۆتە ڕوومەتی دولبەر

بە ئاهستەی هەوا ئەیکا دەماغی عالەمێ موعەطەر

گوڵاڵەی ئاڵووالا وا لە دەورەی بەزمی عالەمدا

لە شەونم پیاڵەیان پڕ کردووە وەك ساقی کەوسەر

..............................

لە حیرەتدا وتم: ئەم کائیناتە بۆچی خۆی گۆڕی

بە هاوین ئەم زەمینە چۆنی دەرکرد سەوزە وەك مووی سەرا!

.................................

وتم کێیە ئەمە ئەم حیشمەتە لەم حەشرەدا وتیان

ئەمە شاهی عێراقە و ئەشرەفی ئەولادی پێغەمبەر

..............................

لە ئەوصافی جەلالەت لامەدە (حەمدی) قەڵەم چونکە

بەتوولە ئۆتۆمبیلی خەیاڵت نەك بێ پەنجەر(دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٦٠)

نووسینی ئەو شیعرە لەلایەن حەمدییەوە لەو ڕۆژگارەدا جێگای پرسیار و نیشانەی گۆڕاوپی دەنگە دلێرەکەیەتی، ئەو حەمدییەی چەند مانگێك پێش نووسینی ئەم شیعرە، شاکارێکی نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ڕاپەڕینەکەی (١٩٣٠/٩/٦) نووسیوە، کە لە بەیتە بەناوبانگەکەیدا دەڵێت:

ڕەبی مووی لێ بێ زمانی پەنجەکانی هەڵوەرێ

هەرکەسێ گوڵشەن بە دەردی گوڵخەنی دۆزەخ بەرێ (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٣٥- ١٣٨)

کە بە دەقە (تەرجیحبەند)ەکانی تری گرێداوە.

شۆڕشگێڕی و کوردپەروەری حەمدی وا ئەکات لە بەرانبەر ئەم شیعرەی بۆ مەلیك فەیسەڵ نووسیویەتی ڕابمێنین و بڵێین: هۆکارەکەی هەرچی بێت نەدەبوو ئەو شیعرە بەو هەستەوە بنووسرێت.

هاوشێوەی حەمدی، هێمنیش لەم جۆرە وێستگانەی هەیە، پێویستە ئاوڕیان لێ بدەینەوە، ئەمەش کاتێك تەماشای ڕۆژنامەی (کوردستان) دەکەین، کە (٣) دەق هێمن بلاوکراونەتەوە بە ناوەکانی (بەهاری بێ خەزان) و (ڕۆڵەی ماد) و (زیبکی شاهانە)ن (ڕۆژنامەی کوردستان،١٣٣٩-١٣٤٠هـ، لا ٩، ٩و٤، ٩، ٣، ٦، ٩)، وەك دیارە هەرسێ دەقەکە بە ئاراستەی پێچەوانەی هەستی نیشتمانپەروەریی شاعیرن و هەڵەیەکن کە نەدەبوو بەسەر هێمندا تێپەڕێت. (کەریم، ٢٠١٢، لا ٣٠٩)، چونکە ئەو بە یەکێك لە شاعیرە شۆڕشگێڕ و نیشتمانپەروەرەکانی کورد لە قەڵەم دەدرێت، هەرچەندە شاعیر خۆی لە پێشەکیی دیوانەکەیدا دەڵێت: (ساڵی١٣٣٨هـ ساڵێکی زۆر شووم بوو لە مێژووی ژیانی مندا، هەڵەی وام کردن، کە نەدەبوو بە هیچ نرخێك بیانکەم، بەسەر پەلی وادا کەوتم، کە دەبوو خۆیان لێ بپارێزم.)(دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٧٠)

ئێمە لێرەدا زیاتر مەبەستمان خستنەڕووی دەقی (بەهاری بێ خەزان)ی شاعیرە، کە بۆ لەدایکبوونی (ڕەزا محمد ڕەزا) شای ئێرانی نووسراوە، هەر

ئەو شایە بوو، کە ساڵێك پێش نووسینی ئەم هۆنراوەیە (کۆماری کوردستانی رووخاند و پێشەوا (قازی محەمەد) و هاورێکانی لەسێدارە دا و گەورەترین نائومێدیی تووشی جووڵانەوەی رزگاریخوازیی کورد کرد لە ڕۆژهەڵات.) (سەردەشتی، ٢٠١١، لا ٤٧٩)

هۆنراوەکە:

لە سایەی لوطفی بێ حەددی خوداوەند

لە هەرلائێکی پەیدا بوو زەماوەند

لە هەرلائێکی جێژن و هەڵپەڕینە

هەرایە، بەزمە، کەیفە، پێکەنینە

شوکر ئەوساڵ خەزانی مە بەهارە

گەلی ئێران بەکەیف و بەختیارە

.................

(بحمدالله) بەکوێریی چاوی دوژمن

وەلی عەهدی لە باوەش گرت شاژن

(فەرەح) هێنای فەرەح بۆ گەل بە سەوقات

فریشتەیەکە بۆ شادیی دڵان هات (ڕۆژنامەی کوردستان، ١٣٣٩هـ -١٩٦٠/٢/١٥ز، لا ٩)

لەدوای بینینی هەردوو دەقە شیعرییەکانی (حەمدی) و (هێمن) بۆمان دەردەکەوێت، کە هەردوو شاعیر وەك هەر مرۆڤێکی تر تووشی هەڵە لە بیرکردنەوە و جیاوازیی لە هەڵوێست نواندن بوونەتەوە و هەندێ دەقیان نووسیوە، کە لە ئاستی چاوەڕوانیی خوێنەرەکانی ئەو سەردەمە و ئێستا نەبووە، هەربۆیە دوای ئەوە گەڕاونەتەوە سەر ڕێچکە ڕاستەکەی کوردایەتی و دەیان بەرهەمی پڕ لە شۆڕشگێڕییان نووسیوە.

## ب/ مەی:

مەی یەکێکە لەو بابەتە شیعرییانەی لە جیهانی شیعریدا بایەخی تەواوی پێدراوە، چ لە لایەن شاعیرانەوە، چ لەلایەن ڕەخنەگرانەوە، چ وەك کەرەستەیەکی دنیایی و مەبەستی چێژ لێ وەرگرتن، چ وەکوو هێمایەکی سۆفیگەرانە لەپێناو بەرجەستەکردنی ئەو شعور و سروتە ئایینی و سۆفیگەرییەی شەیدایانی ڕێبازە سۆفیگەرییەکانی (نەقشی و قادری) پەیڕەوییان کردووە. ئەوەی لای هەردوو شاعیر دەبینرێت و ئەوەی لە ژیانی شاعیرەوە زانیومانە، هەردوو شاعیر (حەمدی و هێمن) هەم مەیخۆر بوونە، هەم (مەی)یان بە مانای دروست و حەقیقییەکەی خۆی بەکارهێناوە.

حەمدی لە شیعرێکدا دەڵێت:

بە بادە عەقڵی (حەمدی) زوو بەبادە، ساقیا ئامان

لە گوێی پیری موغان بێ با صەدای مەستانە بێ کەمتر(دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ٢٥٢)

وەك دیارە لە دێڕەکەدا (حەمدی) بە دەربڕینی (ساقیا) بانگی ساقی دەکات و داوای لێ دەکات مەی بۆ بهێنێت تاکوو هۆش وعەقڵی لەسەر خۆی نەمێنێت، هەمان خواست لای (هێمن) بەدی دەکرێت گەر چاوێك لە دەقی (ناڵەی جودایی) هێمن بکەین، دەبینین بە دەربڕینێکی زۆر نزیك لەوەی حەمدی لەگەڵ ساقی دەدوێت و دەڵێت:

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە

ڕوو لەلای من کە بە جامێ بادەوە (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ٣١٣)

بانگکردنی هەردوو شاعیر لە ساقی دەرئەنجامی خەمێکی تایبەتییە، خەمێکی قوڵە لەهەمبەر ئەو ناڕەحەتیانەی کە هەردوو شاعیر لە ژیانی تایبەتیاندا دووچاری هاتوون، هەربۆیە حەمدی ناوی خۆی و هێمن (ڕاناوی کەسی یەکەم) ی (من) بەکاردەهێنێت، شەیدای مەست بوونن، بۆیە داوا لە شاعیر دەکەن تاکو بەهانایانەوە بچێت.

## ج/ ڕەخنە لە کۆمەڵگا:

بەدرێژایی مێژوو شاعیران خەڵکی ڕۆشنبیر و وریا و بیرکراوەتر بوونە لە خەڵکی عەوام، هەربۆیە زۆرتر درکیان بە عادات وکلتورە خراپەکانی کۆمەڵگا کردووە و خستوویانەتە بەر نەشتەری ڕەخنە و لە شیعرەکانیاندا ئاماژەیان پێ داوە، تاکوو خەڵکی لەو دیاردە خراپانە ئاگادار بکەنەوە. یەکێك لەو لایەنانەی، کە هەمیشە شاعیران ڕەخنەیان لێ گرتووە، وشیارکردنەوەی خەڵکی بووە لەوەی کە خەڵکی خاوەن پوول و زێڕ لە خۆیان گەورە نەکەن، هەر لەسەر ئەمە حەمدی لە چوارینەیەکدا دەڵیت:

من بەزیوو و زەڕ، وتم بۆچی ئەدەی ئەی مەیفرۆش

مەی کە خالیص نووری ئیمان، ڕۆحی عەقڵە و گۆش و هۆش

پێی وتم ئەم عەقڵە کۆنە تۆ لەسەر دەرکە کە خەڵقی

خۆ ئەڵێن عەللامەیە گەر کاسە پڕ بێ و کەللەبۆش (دیوانی حەمدی،١٩٨٤، لا ١٧٤)

شاعیر لەم دێڕەشیعرەدا، ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێ، کە خەڵکی نەفام و کەللەبۆشیان لێ دەبێت بە زانا کاتێك، کە زانییان خاوەنی پوول و پارەیە.

بەهەمان شێوە ئەگەر سەیری دەق (خاوەنی زێڕ)ی هێمن بکەین، دەبینین ڕەخنە لە کۆمەڵگا دەگرێت، کە چۆن خاوەنی زێڕ لە خۆیان گەورە دەکەن، تەنانەت ئەگەر کوور و گۆج و گێڕ و شەلیش بێت، بەڵام کە خاوەنی زێڕ بوو ئەوە بە کەسێکی لەبار و قیت و قۆز سەیر دەکرێت، یاخود ئەگەر دوو دێڕیشی نەخوێندبێت، بەس لەبەر ئەوەی خاوەنی پوول و زێڕ بێت، ئەوە بە زانا سەیر دەکرێت، دەنووسێت:

لەبار و قیت و قۆزە خاوەنی زێڕ

ئەگەر کوورە و وەگەر گۆجە و شەل وگێڕ

بەژن باریك و بەشووش و شۆڕە لاوە

ئەگەر پیرێکی خوێن تاڵە و ورگ تێر

دەڵێن زانا و ئەدیب و خوێندەوار

ئەگەر نەیخوێندبێ شەش پیت و دێڕ (دیوانی هێمن،٢٠٠٣، لا ١٦٣)

هەردوو شاعیر چەندە لە بنەماڵەیەکی دەوڵەمەند بوونە، بەڵام هەمیشە وەك ڕۆشنبیر و بیرکراوەیەك لە کۆمەڵگا و دەردەکانی ڕوانیویانە، لەو دوو نموونەی سەرەوەدا، ناڕاستەوخۆ هەردووکیان بەگژ چینایەتیدا دەچنەوە و کۆمەڵگا لە مەترسی ئەو دەردە کۆمەڵایەتییە هۆشیار دەکەنەوە.

## ئەنجام

١.سەرەڕای جیاوازی سەردەمی ژیانی هەردوو شاعیر، خاڵی هاوبەش و لێکچوونی زۆر لە ژیانی کەسی و رۆشنبیری وسیاسی هەردووکیاندا هەیە, هەروەها لەڕووی بابەتی شیعرییەوە, هەردوو شاعیر هەمەڕەنگن و زۆرینەی ناوەڕۆکە شیعرییەکانیان لەلا بەدی دەکرێت.

٢.هەردووکیان لە ئاستی نەتەوەیی و نیشتملنپەروەریدا, لە ئاستی کوردستانی گەورەدا بیریان کردۆتەوە و تەنها پەیوەست نەبوونە بە یەک پارچەی کوردستانەوە, بەڵکو شیعریان بۆ لەسێدارەدانی سەرکردەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش نووسیوە.

٣.هەردووکیان لە چەرخی گەردوون و زەمانە و بەختی خۆیان ڕازی نەبوون و گلەییان کردووە, بەڵام حەمدی گلەییەکەی نەتەوەییانەیە و هیمن خودییە و بۆ خودی خۆیەتی.

٤.هەردوو شاعیر بە واتا حەقیقی و ڕاستەقینییەکەی باسیان لە مەی کردووە نەک بە واتا مەجازییەکەی, بەمەش دەکرێت هەردووکیان مەیخۆر بوبێتن.

٥.سەرباری ئەوەی هەردوو شاعیر دوو مرۆڤی نیشتمانپەروەر و کوردپەروەر بوونە بە شیعر و ژیانیش، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەندێ وێستگەی ژیانیاندا تووشی خزان بوونە و هەندێ دەقیان نووسیوە، کە بووەتە مایەی سەرسوڕمان لای خوێنەرانیان و ڕووبەڕووی ڕەخنەگرتن بوونەتەوە.

٦.حەمدی وهێمن دووڕۆشنبیری گەورەی سەردەمەکەی خۆیان بوونە، بەردەوامیش لە هەوڵ و کۆششدا بوونە بۆ وشیارکردنەوەی کۆمەڵگا لەم مەیدانەدا ڕەخنەیان لە کۆمەڵگا گرتووە

## لیستی سەرچاوەکان

أ/ کتێب - کوردییەکان:


_ مەردۆخی، محەمەد (١٣٣٨ھ)، فەرهەنگی مەردۆخ، بەرگی دووەم، خانەی بڵاوکردنەوەی پرتەوبەیان، چاپی یەکەم، سنە.

_ دیوانی حەمدی (١٩٨٤)کۆکردنەوەی: جەمال محمد محەمەد ئەمین، چ دووەم، چاپخانەی سەرکەوتن، سلێمانی.

_ غەفاری، جیهانگیر (٢٠٠٣)، بەرەو باخی بەهەشت، چاپی یەکەم، چاپخانەی گەنج، سلێمانی.

_دیوانی سالم (٢٠١٥)، ساغکردنەوەو لێکدانەوەی مەلاعبدالکریمی مدرس و فاتیحی مەلاعبدالکریم و محمدی مەلاعبدالکریمی، ئامادەکردنی: صدیق صالح، بەرگی یەکەم، بنکەی ژین، سلێمانی،

_دیوانی هێمن (٢٠٠٣)، سەرجەمی بەرهەمی هێمن، هەولێر.

_ حیلمی، ڕەفیق (٢٠١٠)، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

_ خاڵ، محەمەدی (٢٠٠٥)، فەرهەنگی خاڵ، دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

_ سجادی، علاءالدین (١٩٧١)، مێژووی ئەدەبی کوردی، چاپی دووەم، چاپخانەی معارف، بغداد.

_ مەولود، عەبدوڵڵا (د)( ٢٠٠٤)، لێکۆڵینەوەیەك لە شیعری حەمدی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

_ دەشتی، عوسمان (٢٠٠٩)، هێمن نامە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ کەریم، فەرهاد (د)( ٢٠١٢)، بنیاتی وێنە لە شیعرەکانی حەمدیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

_ پەهلەوی، فەرەح (شاژنی ئێران)( ٢٠١١)، نهێنییەکانی شاو فەرەح، چاپی یەکەم، چاپخانەی(گەنج)، سلێمانی.

_ بەسیر، کامل (د)( ٢٠١٥)، مێژووی ڕەخنەسازی,چاپی یەکەم, ناوەندی غەزەلنووس, چاپخانەی تاران.

_ خەزنەدار، مارف (د)( ٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی پێنجەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر.

_ خەزنەدار، مارف (د)( ٢٠١٠)، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی حەوتەم، چاپی دووەم، چاپخانەی ئاراس، هەولیر.

_هۆراس( ١٩٧٩)، هونەری شیعر، و: حەمید عەزیز، چاپخانەی الزمان، بەغداد.

_ سەردەشتی، یاسین (د)( ٢٠١١)، کوردستانی ئێران، چاپخانەی سیما، سلێمانی.

ب/ کتێبی عەرەبی:

_ عبدالغنی، جبابری (٢٠١٣-٢٠١٤)، الاسس الجمالیه فی موازنه الامدی، رسالة ماجستیر، كلیة الاداب واللغات، جامعة ابی بكربلقائید، الجزائر.

_ مبارك، زكی (د)( ٢٠١٣- ٢٠١٤)، الموازنه بین الشعراء، شركه نوابغ الفكر، القاهرة.

_ مومنی، قاسم (د)( ١٩٨٥)، الموازنه بین أبی تمام والبحتری المدی، دارالشؤون الثقافیة العامة، افاق العربی، العراق.

_ حسین، یسری (د)( ٢٠١١)، التناص فی شیعر حمیدسعید، داردجلة، الأردن.

ج/ گۆڤارەكان:

_ كەریم، فەرهاد (د)( ٢٠١٢)، ڕەهەندی دەروونی لە شیعرەكانی هێمندا، گۆڤاری الأدب، زانكۆی بەغداد، ژ(١٠٢).

_ كەریم، فەرهاد (د)( ٢٠١٢)، سێكس و پیری و گۆشەگیری لە شیعرەكانی هێمندا(١٩٦٨-١٩٨٦)، گۆڤاری (زانكۆی كۆیە)، ژ(٢٣).

د/ ڕۆژنامەكان:

_ڕۆژنامەی كوردستان(١٣٣٩-١٣٤٠ه) ژمارەكانی(٩٣، ٩٥، ٩٦ ،٩٧، ٩٨).

و/ بابەتی زانكۆیی:

_ ڕەسول، عزالدین (د)( ٢٠٠٤-٢٠٠٥)، محازەرەكانی تیۆری ئەدەب، قۆناغی ماستەر، زانكۆی سلیمانی، كۆلێجی زمان.